REWAN U
ڕێوان

رۆژنامەیەکی روناکبیری سەربەخۆیە
سەنتەری راگەیاندنو روناکبیری ژنان دوو هەفتە جارێ دەریدەکات

سێشەممە ١٦ی ئایاری ٢٠٠٦ ژمارە (١٢٥) ساڵی شەشەم نرخی (٢٥٠) دینارە

An Independent Cultural Newspaper Published Twice a month by Women's Media and Education Center

**ئەو دایکانەی کەرامەتیان لەدەستداوە، منداڵی ئازادیان نابێت، کە نیشتمانە ئازادەکان ئاوەدان بکەنەوە. یەکسانی نێوان ژنو مێرد لەمافەکاندا رێگەی بەردەم پیاوان رۆشن دەکات بۆ گرێبەست بوونیان لەگەڵ ئافرەتانی کامڵو خاوەن بڕیارەکان، نەک مۆمیاکراوێ یان خزمەتکراوێک کە بووبێتە مستیلەیەک لەدەستی تۆدا.**

ل٣

# تێکۆشین: ئێمە هێزێکی دیموکراتخوازین و هێرش ناکەینە سەر هیچ هێزو کەسێک


تێکۆشین نۆزان

یەکێتی ژنان کە لەگەڵ دامەزراندنی پارتی کرێکارانی کوردستان خەباتی سیاسیو چەکدرایان لەناو ئەم پارتەدا بوە تا ساڵی ٢٠٠٠ کە پارتی ژنانی ئازاد دامەزرا، کۆمەڵێك قۆناغو گۆڕانکاری وا دەکەن کە ئەم پارتە چەند جارێك ناوی خۆیو شێوازی کارکردنیشی بگۆڕێت، بۆ نمونە لەساڵی ١٩٩٣ژنان یەکێتی ژنانی وڵاتپارێزی کوردستانیان (پ.ژ.ك)دامەزراند ساڵی ١٩٩٥یەکێتی ژنانی کوردستان (پ.ژ.ك)ساڵی ١٩٩٩پارتی ژنانی کارکەری کوردستان (پ.ژ.ك.ك)ساڵی ٢٠٠٠پارتی ژنانی ئازاد(پ.ژ.ئە)ساڵی ٢٠٠٤پارتی ژنانی ئازادی خوازی کوردستان (پ.ژ.ك) بەشی سەربازیەکەی ٢٠٠٥یەکێتی ژنانی ستار

(.ژ.س). تێکۆشین ئۆزان بەرپرسی باسکی ئیدۆلۆژی ژنان دەڵێت "ئامانجی ئێمە بۆ هەر چوار پارچەکەیەو هەر شوێنێك پێویستی بێت بەشێوازی سەربازی وەڵام دەدەینەوەو لەشوێنێکی تر شێوازی سیاسی بەکاردەهێنین، کورد هەمووی هەر یەکە، ئامانجمان بۆ هەموو کورد هەر یەکە، ئێمە تەنها بزووتنەوەیەکی کوردی تورکیا نین، دەخوازین پەیوەندیمان لەگەڵ هێزە کوردیەکاندا هەبێت، بەڵام بیروبۆچوونمان جیاوازە.

لەلاپەڕە (٤) چاوپێکەوتنێکی تێکۆشین دەخوێنیتەوە

# لەرووداوێکی خوێناویدا پەخشانو باوکی دەکوژرێن


پەخشان

لەروداوێکی خوێناویدا عومەر ئەحمەد هەڵدەکوتێتە سەر ماڵی خەزوری لەکەلارو دەستبەجێ پەخشانی خێزانی گوللەباران دەکاتو پاشان روو لەدایكو باوکی دەکاتو بەهەمان شێوە دەیانداتە بەردەستدرێژی گوللە، دەرئەنجام پەخشانو محەمەدی باوکی گیان لەدەستدەدەنو بکوژەکەش هەڵدێ.

ئۆفیسی سەرقەڵا:

پەیامنێری رێوان لەکەلار رایگەیاند کە عومەر ئەحمەدی تەمەن ٣٠ ساڵ لەئەنجامی کێشەیەکی خێزانیەوە لەگەڵ پەخشانی هاوسەری کە دەبێتە هۆی ئەوەی پەخشان ماڵ بەجێبهێڵێت، عومەر سەر لە ئێوارەی رۆژی ٢٠٠٦/٥/٥ هەڵدەکوتێتە سەر ماڵی خەزوری لەگەڕەکی شەهیدانی کەلارو پێش ئەوەی لەسەیارەکە دابەزێت پەخشانی خێزانی کە دوو گیانەو چاوەڕوانی دەکرد پاش دوو مانگی تر ببێتە دایکی دوو کۆرپەلە، گوللەباران دەکاتو پاسان روو لەدایكو باوکی خێزانەکەی دەکاتو چەند فیشەکێکیان پێوەدەنێت، کاتێك خوشکی پەخشان کە دراوسێی ماڵی باوکێتی بەهاوارو گریان لەجێی روداوەکە نزیك دەبێتەوە بکوژەکە هەوڵدەدات، ئەویش بکوژێت، بەڵام گوللەکان بەر دراوسێیەکی تریان دەکەوێت بە ناوی روقیەو تەمەنی ٢٣ ساڵە و دایکی یەك منداڵە، لەم روداوە خوێناوییەدا پەخشانو باوکی دەستبەجێ گیان لەدەستدەدەنو دایکی پەخشانو دراوسێکەیان بەسەختی بریندارەبنو پۆلیسی کەلاریش پاش هەڵهاتنی بکوژەکە دەگاتە جێی روداوەکەو کوژراوەکان دەباتە نەخۆشخانەی گشتی کەلارو بریندارەکانیش رەوانەی نەخۆشخانەی فێرکاری دەکەن لەسلێمانی.

**تەواوکەری روداوەکە لە لاپەڕە (٢) دا بخوێنەرەوە**

# رۆژنامەنووسان بە نیازن رێپێوان

لەکۆبوونەوەیەکدا کێشەکانی ئەمڕۆی رۆژنامەنووسان و هەنگاوەکانی ئایندەیان تاووتوێ کران.

لەئۆفیسی رۆژنامەی (ئاوێنە) لەسلێمانی کۆمەڵێك رۆژنامەنووس کە نوێنەرانی نزیکەی ٢٥ دەزگای راگەیاندن بوون، کۆبونەوەیەکیان سازکرد.

ئەو کۆبوونەوەیە کە رۆژی ٥/٩ لەسەروبەندی دادگایی کردنی هەردوو سەرنوسەری هاوڵاتیو ئاوێنە بوو کە بەپێی یاساکانی سەردەمی رژێم دادگایی کران.

پەیامنێری (رێوان) رایگەیاند کە لەئایندەدا کۆبوونەوەیەکی فراوانتر بەئامادەبوونی رۆژنامەنووسانی دەرەوەی شار سازدەکرێتو لەو کۆبوونەوەیەدا بەیاننامەیەك رادەگەیەنرێت، پەیامنێرەکە وتیشی لەو کۆبوونەوەیەدا باس لەوە کراوە کە "ئەگەر لایەنە پەیوەندیدارەکان بەدەنگ داواکاریەکانی رۆژنامەنوسانەوە نەچن، ئەوا رۆژنامەنوسان رێپێوان دەکەن".

# لە بنکەی پۆلیسی هەڵەبجە لێکۆڵینەوە لەگەڵ هاوکاری رێوان دەکرێت

وابریارە ئەمرۆ لەبنەکەی پۆلیسی هەڵەبجە لێکۆڵینەوە لەگەڵ کەلسوم حسێن دەست پێ بکات.

کەلسوم حسێنی تەمەن ٢٢ساڵ کە دانیشتوی هەڵەبجەیە لەژمارە (١٢٢) رێواندا چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ سازکراوە کە لەو چاوپێکەوتنەدا کەلسوم باسی لەرووداوەکانی رۆژی ٣/١٦ی هەڵەبجە کردەوە، هەروەها باسی لە چۆنێتی روبەروبونەوەی ئاسایش کردوەو لەگەڵ خۆپیشاندەرانو هەر لەو چاوپێکەوتنەدا قسەی لەسەر بەرێوەبەری مۆنیمێنتی هەڵەبجە کردەوە لەبەرامبەریشدا ئەو بەڕێوەبەرەو ئاسایشی سلێمانی سکالایان دژ بە مەستورە مەحمود ئەنج-امدەری چاوپێکەوتنەکەو کەلسوم حسێن تۆمار کردەوە.

کەلسوم حسێن وتی "کە لێکۆڵینەوە رێرەوی خۆی وەرگرت مەستورە هیچی بۆ نابێتو ئەوەی زیاتر بەرپرسە منم، پەیوەندی کردن بەسەرنوسەری رێوانو بانگکردنی مەستورە تەنها بۆ ئەوە بووە بزانن خاوەنی ئەم وەڵامە کێیە".

# باوکێک ئەشکەنجەی دوو کچی خۆی دەدات

**ئۆفیسی خانەقی:**

لە خانەقی باوکێك پاش ئەوەی چەند جارێك دەیەوێت کچەکەی بکوژێت لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیر دەکرێت.

پاش ئەوەی دراوسێکان گوێیان لە هات و هاواری هەردوو کچە بچکۆلە (ا) و (ش) دەبێت کە پێشتریش لەلایەن باوکیانەوە چەندین جار لێدراون، پۆلیس ئاگادار دەکەنەوەو بە بردنی باوك و دوو منداڵەکەی بۆ بنکەی پۆلیس لێکۆڵینەوە دەست پێ دەکات.

پۆلیس لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە بۆی دەرکەوتوە کە جگە لەوەی ئەو رۆژە دوو کچەکە بە زنجیر بەسترابونەوە، پێشتر برسی کرابوون.

پەیامنێری ڕێوان لە خانەقی ڕایگەیاند ئەوە لە کاتێکدا بوە کە پیاوەکە ژنێکی تری هێناوە و مامەڵەی لەگەڵ منداڵانی ژنی دووەمی بەو شێوەیە نیـیە، وە جەختیشی لەوە کردەوە کە ئەمە یەکەمین جار نیە ئەو باوکە بەو شێوەیە لەگەڵ منداڵەکانیدا هەڵسوکەوت دەکات، پێشتریش ئەو دوو کچە پەنایان بۆ پوریان بردوە پاش ئەوەی باوکیان دەستی یەکێك لە کچەکانی سوتاندووەو لەکچەکەی تریشی داوە پاش ئەو رووداوە پۆلیس دەستگیری دەکات و بە کەفالەت ئازاد کراوە.

ئێستا منداڵەکان لەلای نەنکیان ژیان دەگوزەرێنن باوکیشیان لەلای پۆلیس دەست بەسەرە.

**لە ئۆفیسی خانەقینەوە**

# مامۆستایەک دەیەوێت دەستدرێژی بکاتە سەر خوێندکارێک

لەیەکێك لەناوەندیەکانی کچانو لەکاتی تاقیکردنەوەکانی نیوەی ساڵدا مامۆستایەکی پیاو دەیەوێت دەستدرێژی بکاتە سەر قوتابیەك.

لەکاتی تاقیکردنەوەی دەمیدا مامۆستایەك دەیەوێت دەستدرێژی بکاتە سەر خوێندکارێکی کچ لەیەکێك لەدواناوەندییەکانی کچان لەرانیە، خوێندکارەکە لەپۆلی یەکەمی ناوەندییەو پاش رووداوەکە دەچێتە لای بەڕێوەبەری خوێندنگاکەی و سکاڵا دەکات.

سەرچاوەیەك کە نەیویست ناوی خۆی ئاشکرا بکات بە (رێوان)ی راگەیاند "ئەو مامۆستایە پێشتر رەفتارێکی هاوشێوەی کردووەو بووەتە هۆکاری گواستنەوەی بۆ ئەو خوێندنگەیە، جگە لەوەی چەند قوتابیەکی تریش هەمان سکاڵایان هەیە لەو مامۆستایە".